کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-4-2007 22:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەرنامەی بەرنامە بانێکە و دوو هەوا ... . ئاراس**

بەرنامەی بەرنامە کە لە کەناڵی تەلەفیزیونی خاك و کوردساتەوە پەخش دەکرێت بەرنامەیەکی دێرینە و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی کوردستان بەشێوەیەکی گاڵتەجاری و ڕەخنە ئامێز دەخاتە ڕووی بینەرانی... زۆر کەمن ئەو پارت و وەزارەت و دام و دەزگاو بەرپرسانەی کە لەلایەن بەرنامەی بەرنامەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە مینبەری بەرنامەکەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گێچەڵیان پی نەکرابی و ڕەخنەیان لی نەگیرابی... لەبەر ئەوەی خەڵکیش بەشێوەیەکی گشتی تینووی ئەم جۆرە بابەتانەن کە دانپێدانانێکی ئاشکرای تیایە بە دیاردەی گەندەڵی و ڕەگدانەوەکانی.. بۆیە ئەم بەرنامەیە جەماوەرێکی باشی لە چواردەوری خۆی کۆکردۆتەوە.. بەڵام ئایا ئەندامە بەشداربووەکانی بەرنامەی بەرنامە لە گۆڕەپانی پراکتیکی ژیانی ڕۆژانەیاندا سونبلی پاکی و دڵسۆزی و بەوویژدانین؟ ئایا نموونەی مرۆڤی نموونەین؟ من هەوڵ دەدەم لێرەدا بە وویژدانەوە باس لە یەکێك لە ئەندام و ئەکتەرەکانی بەرنامەی بەرنامە بکەم کە بەڕاستی پێویستی بە هەڵوێستە هەیە ئەویش ڕێبوار ڕەحیمە کە بێجگە لەوەی ئەکتەرێکی بەرنامەی بەرنامەیە کارمەندێکی کۆنی هاتوچۆشە لە پێش ڕاپەڕینەوە و ئیستا لە ڕاگەیاندنی هاتوچۆی گشتیە و بەکورە نازدارەکەی بەڕێوبەری گشتی هاتوچۆ ناسراوە.. لەبەر ئەوەی بەهیچ جۆرێك جلی سەربازی ناپۆشێت و هەموو ئەرك و فەرمانە ئاساییەکانی کارەکەی خۆی لەسەر فەرمۆش کراوە وەك ئێشکگری و فەرمانە یاساییەکانی تر.. تەنها سەری مانگان بۆ مووچە وەرگرتن دەردەکەوێت.. بەیانیان بەشاهیدی هەموو لایەك لەجیاتی ئەوەی لە بارەگای بەڕێوبەرایەتی دەوام بکات.. وەك فەرمانبەرێك لە نووسنگەی شاتوو دەوام دەکات کە خاوەنەکەی خودی بەڕێوبەری گشتی هاتوچۆیە و لەوی کاروبارەکانی ئەم نووسینگەیەیی بۆ ڕادەپەڕێنێت.. بەم شێوەیەش کاك ڕێبوار خاوەنی سی مووچەیە لەهەریەك لە بەرنامەی بەرنامە و هاتوچۆی سلێمانی و نووسینگەی شاتوو بۆ فێرکردنی شۆفێری.. تەنها یەك پرسیار ئاراستەی ستافی بەڕێزی بەرنامەی بەرنامە دەکەم ئەویش ئەوەیە: ئایا دەتوانن لە ڕێگای بەرنامەکەیانەوە ڕەخنە لەم دیاردە نامۆیە بگرن کە یەکێك لە ئەندامەکانی خۆیان بەئاشکرا پیادەی دەکا و بە پێچەوانەوی هەموو یاسا و ڕێنماییەکانەوەیە؟ لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو لایەك ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.